کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-5-2007 19:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خەمێکی گەورە بۆ منداڵە بچوکەکانمان ... سازگار حاجی ئەحمەد

منداڵان یە کە م کە سانێکن کە ئە گە ر هە ر زوو جوانی بناسن لە گە ڵ خۆیاندا گە ورە ی دە کە ن. بە ڵام ئێمە هە رزوو خۆشیە کانی ژیانیان لێدە کوژین و پێیان دە ڵێین بڕۆن ئێرە شوێنی خۆشیە کانی ژیان نییە؛ شوێنی بیرکردنە وە لە خە ونە کان نییە. کێ لە ئێمە فیلمی ژیانی خۆشتر بووە بە بە راورد لە گە ڵ زۆرینە ی منداڵانی جیهان؟ کێ لە ئێمە کە بیر لە منداڵی خۆی دە کاتە وە ئاهێکی قووڵی بۆ هە ڵناکێشێ؟ ئە م ئاهە بۆ ئێمە بێفایدە یە بە ڵام با ئێمە لە جیاتی منداڵە کانمان ئە م ئاهە هە ڵکێشین و بیر لە ژیانێکی شایستە بکە ینە وە بۆیان.

هە روە ک گوتراوە مێشکی منداڵ پە ڕە یە کی سپییە چی لە سە ر تۆماربکە ی تۆمار دە بێ. بێگومان پە روە ردە ی جوان مرۆڤی جوان بە رهە م دێنێت. ئە م کاری پە روە ردە یە دە بێ هە ر لە سە رە تاوە بە جوانی بێت. کۆمە ڵێک خاڵی نێگە تڤ هە ن لە نێو کۆ مە ڵی کوردیدا لە مە ڕ منداڵ دە بێ نە مێنن. بۆ نمونە لێدانی منداڵان لە یە کە م کە سانە وە کە دایک و باوکە تا مامۆستاکە ی. ترس و تۆقاندن لە سە ر دڵی منداڵە کانمان لابە ین و لێگە ڕیین بە ئاسوودە یی ڕووبکە نە قوتابخانە کان. ماڵ و قوتابخانە یە کە م دوو دە زگای زۆر گرنگی کۆمە ڵایە تین با چید ی تە نها شوێنی ئازار نە بن.

تۆ بڕوانە وڵاتانی جیهان چە ند بایە خ بە بە منداڵان دە درێت تە نانە ت لە زۆر وڵات منداڵ موچە ی تایبە تی بۆ تە رخانکراوە، واتە دە ولە ت خۆی بە خاوە نی منداڵە کان دە زانێت و چارە نوسێکی دیاریکراویان دە بێ و نە خۆشخانە و شوێنی یاری و تە نانە ت بانکی تایبە تیان بۆ دابین دە کرێت. بە ڵام بە داخە وە لە زۆر شوێنی وڵاتی ئێمە دا بۆ نمونە قە ڵادزێ، ڕانیە، ئاکرێ و هە ڵە بجە هیچ نە خۆشخانە یە کی تایبە ت بە منداڵان نییە و منداڵان لە نە خۆشخانە گشتیە کاندا تێکە ڵاوی گە ورە کان دە بن و هە مان مامە ڵە ی گە ورە کانیان لە گە ڵدا دە کرێت. لە کۆمە ڵگە ی ئێمە دا منداڵان زیاتر لە هە ر کە س باجی ژیانیان داوە، بە برسێتی یان بە ترس و تۆقاندن یان بە بێکە سی.

بۆ ئاماژە کردن بە حاڵی منداڵانمان هە ر چاوگێڕانێک بە جادە و بازاڕ و کۆڵانە کانماندا نمونە ی زۆرمان دە ست دە کە وێت. لە سە ر جادە کان چە ندین منداڵی بچووک دە بینی سینیە کی هێندە ی خۆی هە ڵگرتووە و شتی لە سە ر دە فرۆشێت. هە ندێک منداڵ هە ن کە خێزانە کانیان بە درێژایی شە وو ڕۆ ژە مێک خواردنیان دە دە نێ و تا کزو لاواز بێت و بە کاری بێنن بۆ سواڵکردن. ئایا حکومە تی هە رێم هێشتا ساوایە دە ستی بە م کێشانە ڕابگات یان لە وە گە ورە ترە کە بیر لە م مە خلوقە بچوکانە باتە وە؟

زۆر لە م هۆکارانە هە ن کە وا لە منداڵان دە کە ن لە قوتابخانە داببڕێن، بێگومان دواتر ڕوو لە شوێنی تر دە کە ن جگە لە قوتابخانە و ئە نجامە کانیشی ئاشکران. بە لام ئە گە رلە سە رە تاوە ژیانێکی مسۆگە ریان هە بێ لە گە ڵ ماڵیکی ئارام قوتابخانە یە کی نە رم و نیان. کۆمە ڵگا ببێت بە باخێک کە پڕ بێت لە سۆز و خۆشە ویستی دایک و باوک و کە س و مامۆستا، منداڵانیش بە جوانیە کانە وە گە ورە دە بن.

پێویستە حکومە تی هە رێم هە رچی زووە یاسایە کیش بۆ منداڵان دە ربکات و منداڵان بە موڵکی خۆی بناسێنێت و بڕێک پارە بۆ منداڵان دابین بکات تا کە س و کاریان بتوانن کێشە سە رە تاییە کانیان بۆ چارە سە ر بکە ن و منداڵانیش بتوانن چێژ لە منداڵی خۆیان ببینن. با وا بکە ین منداڵانمان وە کو ئێمە لە ژیان نە ترسن و ڕقیان لە وڵاتە کە یان نە بێتە وە و بیر لە هە ڵاتن نە کە نە وە بۆ وڵاتانی تر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.